# یاسین بەرزنجی: ئەوەندەی بەهرەمەندین لە

**یاسین قادر بەرزنجی هونەرمەندی شانۆکارو نووسەر لەساڵی ١٩٥٦ لەسلێمانی لەدایك بووە، دەرچووی بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانییە. ماوەی سی ساڵە وەك شارەزا فەرمانبەرە لە کتێبخانەی گشتی سلێمانی، بەڕێوەبەری هونەری تیپی شانۆی سالار و سەرنووسەری گۆڤاری شاکارە. سەرنووسەری بڵاوکراوەی ئاسۆی کتێبخانەیە کە کتێبخانەی گشتی سلێمانی دەری دەکات. چەندین کتێبی لە بواری شانۆ و دراماو ڕۆژنامەوانی و زانستی کتێبخانەکاندایە، کاك یاسین خاوەنی ٢٥ کتێب و نامیلکەی چاپکراوە و تا ئێستاش بەردەوامە لە کاری هونەری و دراما، لە دەرفەتێکدا لە شاری سلێمانی وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی داوەوە..**

**دیمانە: سۆزان عەلی**

*** هەر شتێك سەرەتای هەیە، سەرەتای کاری هونەریت بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

- دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای حەفتاکان، بەهۆی کاریگەری چەند هاوڕێیەکی هونەرمەندم بوومە ئەکتەر. یەکەمین نواندنم لە هۆڵی بەناوبانگی سلێمانی کە هۆڵی سانەوی کوڕان بوو لەوێ سەرنجی بابەتە شانۆییەکانم دەدا و تا ناوەڕاستی حەفتاکان شانۆ لای من گەمەیەك بوو بۆ خۆ خاڵی کردنەوەم. هەرلەو مێژووەوە شانۆ لای من بوو بە پەیامێك. شانۆ وێڕای ئەوەی چالاکییەکی هونەریە، پەیامێکی ئینسانی و کۆمەڵایەتی مەزنە، هەر لەوێوە ئاشنا بووم بە چەندین سیناریۆی ناوازە و چەندین ئەکتەری بەناوبانگی ئەوکات کە زۆربەیان تائێستاش لە سەر پانتایی هونەری شانۆ ماون، هەرئەوەش بووە هۆی ئەوەی تا ئێستا بەردەوام بم. شانۆ و هونەر بەگشتی بووەتە هێزێکی ئەفسوناوی کە تا ئێستاش پەلکێشی کردوم بۆ ناو خۆی. هەر لەو کاتەشەوە ئاشنا بووم بەکاری تەلەفزیۆنی، ئەوکات کەناڵی ڕەش و سپی کەرکوك هەبوو بەرهەمە هونەرییەکانی تێدا تۆماردەکرا. ئەوکات هەستم کرد شانۆ زۆربەی ژیانی منی داگیرکردووە و ناتوانم لێی جیاببمەوە.

ئەکتەر دەبێت نواندنی تازە پێشکەش بکات، پێویستە کارەکانی لە دایکبووی زەمەنی ئێستا بێت

*** چۆن توانیوتە تایبەتمەندییەکانی نواندنی شانۆ و دراما لەیەکتر جیا بکەیتەوە؟**

- زۆربەی زۆری شانۆکارانی ئێمە خوێندنەوەی باشیان بۆ شانۆ هەبووە، لای ئێمە پسپۆری نەبووە. هەر بۆیە ئەو ئەکتەرەی لە شانۆدا بەشدار دەبێت دیسان لە دراما و سینەماش بەشدار دەبێت، بەڵام ئەوەی چارەنووسی ئەکتەر دەستنیشان دەکات، تواناو بەهرەی ئەکتەر خۆیەتی. کەرەستەکانی نواندنی ئەکتەر خۆیەتی وەك جەستە و دەنگ و بەکارهێنانی کەرەستەکانی نواندن بەگشتی و کارە هونەرییەکان بەیەکەوە بەستراون هەموویان سەرچاوەکانیان هونەرە.



# بواری شانۆدا ئەوەندە ئەكادیمی نین

ئێمە ئەوەنـــدەی بەهرەمەندیـــن لە بواری شـــانۆدا، ئەوەندە ئەكادیمی نین. ئەكتەری كورد زیاتر ئەزموونی لە بواری شانۆدا هەیە، پێموایە كاریگەری هونەری نواندنیش لەسەر شانۆیە بە پلەی یەكەم، چونكە بەرامبەر بە جەماوەرێكـــی زیندووی. جەماوەرێك لێوان لێوە لەســـەرنجدان و تێڕوانین، هەربۆیە كە پیشـــەی ئەكتەریم هەڵبژارد یەكەمین جار بڕیارم دا لەبواری شـــانۆدا بەشـــداربم. ئەگـــەر روشـــیان لێنابێتم بـــۆ كارێكی دراماییی، ئەگەر ســـیناریۆ و ستافەكەی پەســـەند بوویێت لەلام، ئەوا كردومە. لای ئێمە پەیامی هونەرە درامیەكان پەیامێكی هاوبەشـــە، گرنگ ئەوەیە چی پێشكەشی جەماوەر بكەیـــن و ئێمەش چۆن ئەو رۆڵە دەگێڕیـــن كـــە پێمـــان دراوە. ئەمە خاڵی گرنگ و وەرچەرخانی كارەكتەرێكە.

*** تـــۆ لە رۆڵە كۆمیـــدی و تراژیدیەكان رۆڵ دەبینیـــت و سەركەوتوویشـــی تێیدا، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- هیـــوادارم توانیبێتـــم ئـــەو رۆڵانە وەك خۆی بگێڕم. بڕوام بـــەوە نییە كە ئەكتەر یەك جۆر رۆڵ بگێڕێت، بەڵكو پێویســـتە هەموو تواناكانی خۆی بخاتەگەڕ لەپێناو وەرگرتنـــی هەمـــوو جـــۆرە كارەكتەرێك، گرنگ ئەوەیە تۆ هەر رۆڵێكی شـــانۆیی دەگێڕیت. بتوانی لای خۆتەوە ســـەرنج و توێژینەوەی رەهەندەكانـــی ئەوكارەكەتەرە بخوێنیتـــەوە. لە نێو پانتای ئەو شـــانۆیە نابێـــت دەق بەســـتووبیت بەیـــەك رۆڵەوە، خۆشبەختانە ئەو دەرهێنەرانەی كە لەگەڵ من ئیشـــیان كردووە رۆڵـــی جیاوازیان بۆ دانـــاوم. لای من گرنـــگ ئەوەیە بتوانی لەگەڵ زەمـــەن و كاتدا خۆمان بگۆڕین و برەو و پێشكەوتن بە خۆمان بدەین، بۆنموونە زۆر ئەكتەرمان هەبـــووە لە زەمانی خۆیدا لەسەر شـــانۆ ئەستێرەی ئەو زەمانی خۆی بووە، بەڵام ئێســـتا كە دەیانبینیت لەســـەر شاشەی بچووكی تەلەفزیۆن یاخود سینەما حەســـرەت هەڵدەكێشیت، بەڕای من ئەگەر ئەكتەر نەیتوانی رابردووی خۆی تێپەڕێنێت باشـــترە راوەســـتێت. ئەگەر نەیتوانی بە ستایلی نوێوە خۆی نمایش بكات، نەیكات باشە. رێگە بدەن بەوانەی كە پێگەیشتوون. پێویســـتە ئەكتەر لەگەڵ هەر نمایشێكی نـــوێ مێژوویەكی نوێ بۆخـــۆی تۆمار بكات. ئەكتەر دەبێت نواندنی تازە پێشكەش بكات، پێویســـتە كارەكان لـــە دایكبووی زەمەنی ئێستا بێت.

*** گەشـــەنەكردن و پێش نەكەوتنی شانۆ و دراما لە وڵاتی ئێمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- هۆكاری گەشـــەنەكردنی شانۆ و دراما زۆرن. هیچ بیانویەكمان نییە بەدەستەوە كە بڵێین ناتوانین رابردوو تێپەڕێنین. فاكتەری دروستكردنی ئەو قەیرانە خودی هونەرمەند بۆ خۆیەتی، ئێمەی هونەرمەندان كەم پەرە بەتواناكانی خۆمـــان دەدەین. كەممان پەرە بە دنیابینیـــی دەدەین، كەممـــان ئاگامان لەگۆڕانكارییەكانـــی دنیا هەیە. هەربۆیە كەرەســـتەكانی ئەفراندنمان لە بەردەســـتدا نییە. تـــا هەنگاو بـــەرەو ئەفراندن بدەین، لەلایەكـــی تریش پێوەنـــدی بەجەماوەرەوە هەیە، جەماوەریش ئێستا بە گشتی سەیری هۆیەكانی تری راگەیاندن دەكات. ئەوەی ئێستا ســـەردانی هۆڵەكانی شانۆ دەكات، تەنیا نوخبەیەكی دیاریكـــراوە. لەلایەكی ترەوە هۆیەكی تر نەبوونی رەخنەی جددی و حیوارو قسەی جددی لەسەر خوێندنەوەی كاری هونـــەری. هەمووـمـــان لـــەو رۆڵە مەزنەی هونەر تێنەگەیشـــتووین لەســـەر كاریگەری كاری هونەری لەسەر گۆڕانی كۆمەڵایەتی، لای من هونەری باڵا كەمتر نییـــە لەبزووتنەوەیەكی سیاســـی، خودی هونەر بۆخۆی ریفۆرم لەگەڵ خۆیدا دێنێ، ریفۆرم لەئاكار و هەڵســـوكەوتی جەماوەر، وەرگرتنـــی جوانییـــەكان لای جەماوەری وەرگـــر لەزۆربـــەی گۆڕانكارییەكانـــی تـــر بۆیە ئێمە ئەو هونـــەرە باڵایەمان نییە تابتوانی ئەو گۆڕانكاریانە دروست بكات. هونەر بۆخۆی فاكتەری وەرچەرخانە لەسەر كۆمەڵگە.


*** هەندێك باس لـــە ژیانی كۆمەڵایەتی خۆتمان بۆ بكە؟**

-لەساڵی 1981 ژیانی هاوسەریم دروست كردووە، تائێســـتا بـــەردەوام پێكەوە دەژین، هاوسەرەكەم ناوی (سوهام)ە لەگەڵ تیپی نواندنی ســـالار كاری شـــانۆیی كردووە، لەگەڵ هونەرمەند حوسێن میسریش كاری درامای كـــردووە، وەك ئەكتەر هاوكارمان بـــووە، پیشەكەشـــمان لەیەكـــەوە نزیكە، بەرپرســـی كتێبخانەیەكـــی قوتابخانەیە، ماوەی چەند ســـاڵێكە لەســـەر ئاســـتی پارێزگا خەڵات وەردەگری. ســـێ منداڵم هەیە هەر ســـێكەیان بەشداری ئەكتەرییان كردووە ناویان (ڕاســـتی، رەوەز، شانۆ)یە، بەڵام رەوەزی كوڕم تائێســـتاش بەردەوامە لەكاری هونـــەری و خوێندكاری كۆلێژی هونەرە بەشی موزیك. هیوای سەركەوتنیان بۆ دەخوازم.

**ئەگەر ئەكتەر نەیتوانی ڕابردوی خۆی تێپەڕێنێت ڕاوەستێت باشترە**



# جولیا دەبێتە هندۆس، مێردەکەشی تورەیە




دوای ئەوەی جولیا رۆبێرتسی خانمە ئەکتەری ئەمریکی چووە سەر ئاینینی هندۆسی، کێشە و گرفتی زۆری بۆ دروستبوو لەگەڵ دانی مۆدی هاوسەری، چونکە جولیا هەمیشە ستایشی ئاینینی هندۆسی دەکات و هەوڵ دەدات گشت ئەندامانی بێنە سەر ئەو ئاینینە. بەپێی هەواڵەکانی ماڵپەری سیلبیرتی ستارزی ئەڵمانی ئێستا بە بەردەوام شەڕ لەنێوان جولیا و هاوسەرەکەی روودەدات، چونکە جولیا سێ منداڵەکەی رۆژانە لەگەڵ خۆی دەبات بۆ پەرستگایەکی هندۆسی و فێری بیروباوەڕەکانی هندۆسییان دەکات و مۆدر پێیوایە نابێ جولیا واز لە مەسیحییەت بهێنێت و بچێتە سەر ئاینینێکی نەناسراوەوە.

# Top 5 Movie actor

باشترین پێنج ئەکتەری هەڵبژێردراوی جەماوەر لەمانگی رابردوو



سیلڤستەر ستالۆنی



ئیما رۆبێرتس



سێلینا گۆمێز




ئەنجێلینا جۆلی



کریستۆ فەر نۆلان


# مێرنا خەیات گرنگی بە کەسایەتی هونەرمەند دەدات نەک رووخساری



مێرنا خەیات یەکێکە لە ئافرەتە سەرکەوتوو و دیارەکانی بواری دەرهێنان لە وڵاتانی عەرەبیدا و کلیپەکانی هەمیشە بە کلیپە سەرکەوتووەکان وەسف دەکرێن و بەم دواییەش خەڵاتی باشترین دەرهێنەری ئافرەتی بەدەستهێنا لە پێشبڕکێی ئۆسکاری ڤیدیۆ کلیپ.

دەربارەی کارکردنی لەگەڵ هونەرمەندان و پێوەندیی لەگەڵیان، مێرنا دەڵێ: پێوەندییەکی ئاساییم هەیە لەگەڵ هەموو ئەو هونەرمەندانەی کاریان لەگەڵدا دەکەم، جیاوازی ناکەم لەنێوانیان ئەوەی بە لای منەوە گرنگە کەسایەتی هونەرمەندەکەیە نەك جوانی و رووخساری دەرەوەی یان ناوبانگی، گرنگ ئەوەیە بەشێوەیەك پێشکەشی جەماوەری بکەم کە لێم رازی بێت و دەستخۆشیم لێبکات.

# شۆن کۆنری واز دەهێنێت



ئەستێرەی سینەمایی سکۆتلەندی شۆن کۆنری رایگەیاند کەوا بە یەکجاری وازی لە کاری نواندن هێناوە و کاتی خۆی بۆ کاری دیکە تەرخان دەکات.

کۆنری تەمەن 80 ساڵ بە رۆژنامەی (ئەدنبرە ئیڤنینگ نیوز)ی راگەیاند باوەڕ ناکەم جارێکی تر کاری نواندن بکەمەوە، من زۆر یادگاری جوانم لەگەڵ نواندن هەیە، بەڵام ئەو رۆژانە کۆتاییان هات ولەمەودوا هەوڵ دەدەم یاری وەرزشی بکەم بەتایبەتی گۆڵف، هەروەها ئەم هاوینە هەستم دەکرد تەندروستیم تەواو نییە و پێویستم بە حەسانەوە هەیە.




www.gulan-media.com/art
بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی: بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504494920 huneri@gulan-media.com

## نیگار بەكر:

# دەمەوێت خەمەكانی ئافرەت لە ڕێگای هونەرەوە چارەسەر بكەم

**دەبیت هەمیشە ڕۆڵی ئافرەتی كورد لەیاد نەكەین لە هەر پێشكەوتن و گۆڕانكارییەك كە لەكومەڵگەی ئێمەدا دەكرێت. دیارە هونەریش خۆی بۆ خۆی لایەنێكی گرنگی پێشكەوتنەكانی وڵاتە و زۆرن ئەو ئافرەتانەی بە نەفەسێكی درێژەوە دەیانەوێت خزمەتی وڵات و هونەرەكەیان بكەن. هونەرمەند نیگار بەكر-یش یەكێكە لەو ئافرەتانەی دەیەوێت لە ڕێگەی هونەرەكەیەوە خزمەتی بەرەو پێشبردنی وڵاتەكەی بكات، یەكەم بەشداری ئەو لەكاری هونەریدا بۆ**



*** تۆ دەرچووی پەیمانگای تەكنیكیت بۆچی ئەو بوارەی تۆ كاری تێدا دەكەیت كە بواری هونەرە هەوڵت نەدا لە ڕێگەی پەیمانگای هونەرە جوانەكان یان كۆلیژی هونەر پەرە بە ئاستی هونەریت بدەیت لەرووی زانستیەوە؟**

- ڕاستە ئارەزووم خوێندنی پەیمانگای هونەرە جوانەكان بوو، بەڵام ئەو دەرفەتە بۆ من نەبوو، ڕەنگە بۆ ئەو كەسانە بێت كەوا تەواویان كردووە و هەر بەلای كاری هونەریدا ناچن، ناچار بووم پەیمانگای تەكنیكی تەواو بكەم، لەگەڵ ئەوەشدا كۆڵم نەدا لە ئارەزووی خۆم و بەڵێنمدا تاسەر خزمەتی كاری هونەری بكەم و وازم لەو حەزە نەهێنا كە لەناخمدا هەبوو، لێرەوە دەڵێم هیوام وایە سیستەمی خوێندن بەرەو باشی بڕوات و پەیمانگای هونەرەجوانەكان تایبەت بێت بەو كەسانەی كەوا بەهرەمەندن لە بواری هونەری.

*** زۆرجار ئافرەتان ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كەوا لە سەرەتای كاری هونەرییاندا تووشی بەربەست هاتوون، تۆش ڕووبەڕووی ئەم گرفتە بوویتەوە؟**

- بەدڵنیاییەوە زۆر كەس تووشی ئەو حاڵەتە دەبێت بە تایبەتی ئافرەت لە كومەڵگەی ئێمەدا، من لە ڕووی خێزانییەوە هیچ گرفتێكم نەبوو و زۆر هاوكاریشم هەبوو، بەڵام لە دەرەوەی خێزان قسە هەبووە تاوەكو من سارد ببمەوە بۆ ئەوەی لە هونەر دوور بكەومەوە، ئەو دەمەی من دەستم بە كاری هونەری كرد، ئەسڵەن هەندێك باوك پێی گوناه بوو كچەكەی لەماڵ بچێتە دەرەوە، نەوەك بەشداری كاری هونەری بكات.

*** ئەی ئێستا تاچەند هەست بە كەمبوونەوەی گرفتەكانی بەردەم ئافرەتان دەكەیت؟ ئایا هەست دەكەیت ئافرەتی كورد شانبەشانی پیاو ڕۆڵی هەبێت لە خزمەتكردنی هونەردا؟**

-بە دڵنیاییەوە ئێستا ئافرەت ڕۆڵێكی ئیجابی هەیە لەبواری هونەری نواندندا و زەمینەیەكی لەبار هاتۆتە ئاراوە. هیوام وایە ئەو ئافرەتانەش كەوا حەزیان بە كاری هونەرییە، بەڵام نەیانتوانیوە كار بكەن، جەریئانە خزمەتی هونەری نواندن بكەن.

*** پێتوایە هەوڵی جددیت داوە بۆ خزمەتكردنی هونەر و تاچەند لەكارەكانی خۆت ڕازیت؟**

-هەر كارێك پێش ئەوەی هەنگاوم بۆی نابێت هەوڵمداوە لەكارەكانی پێشووترم باشتر بێت و كارەكانم یەك دوای یەك كاری جددی و باشتر بێت و بینەریش وەڵامی ئەوەی لایە تاچەند هەوڵەكانی من جددین.

*** هەوڵتداوە ئەوەی بەرجەستەی دەكەیت**



**ساڵی ٢٠٠٤ دەگەڕێتەوە کە بەشداری کردن بوو لە درامای وەستا جومعە. لە دیمانەیەکی تایبەتی گۆڤاری گوڵان بەمشێوەیە هاتە ئاخاوتن.**

**دیمانە : سۆران مارف**

**بەشێك بێت لە ئازارەکانی ئافرەت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا؟**

- بە بەردەوامی هەوڵمداوە ڕۆڵی ئەو کارەکتەرە ببینم کە لەگەڵ ژیانی زۆرینەی کچانی ئەم وڵاتە هاوتایە. بڕواننە ئەو ئافرەتانەی کە ڕۆژانە خۆیان دەسووتێنن کەسیش بەخەمیانەوە نایەت، کاتێك کە لەنێو درامای جومعەدا ڕۆڵی (سەمیرە)م دەبینی بەشێك لەژیانی ئەو کچانەم دەرخست کە بەزۆر چارەنووسی هاوسەرییان بۆ دیاری دەکرێت.

لە ڕابردوودا ئافرەتی ئێمە چەوساوە بووە و بواریان بۆ نەرەخساوە، بۆیە ویستومە ئازارەکانی ئافرەت بکەمە بەشێکی گرنگ لە هەنگاوەکانم بۆ ئەوەی لە ڕیگەی هونەرەوە گرفتەکان چارەسەر بکرێن.

*** هەندێکجار کچە هونەرمەندەکانمان باسی ئەوە دەکەن کەوا لەلایەن کەسانێکەوە تووشی توانج و قسەی ناشایستە بوونەتەوە، ئایا تۆش هەمان گرفتت بۆ دروست بووە؟**

- بە دڵنیاییەوە زۆربەی هونەرمەندان تووشی ئەو پلار و توانجانە بووینەتەوە کە کەسانێکن هەست بە بەرپرسیارێتی ناکەن، هونەرمەند بەموڵکی خۆیان نازانن لەکاتێکدا هونەرمەند نوێنەری ڕاستەقینەی خەمەکانی هەموو کۆمەڵە بەبێ جیاوازی. لەبەرامبەر ئەوەشدا کەسانێکی زۆر هەن کە بە خۆشەویستییەوە سەیرت دەکەن و ناوت دەبەن کە بەرای من ئەم جۆرەیان زیاتر هانت دەدەن خزمەتی زیاتریان بکەیت، نەك ئەو جۆرە کەسانەی کە هێشتا لەوە نەگەیشتوون کە هونەر پەیامێکی پیرۆزەو دەبێت ڕێزی لێبنرێت.

***دوایین کاری تۆ بەشداری کردن بوو لە فیلمی ئەو ڕۆژەی بابە نوئێل گریا، بەشداری کردنی تۆ لەو فیلمە چۆن بوو و تا چەند لە ئەدای خۆت لە فیلمەکە ڕازی بوویت؟**

-لە ڕاستیدا دەبێت هەمیشە ئێمە کارەساتی هەڵەبجە لەیاد نەکەین و هەمیشە ئەو ڕۆژە سەختانە بەبیر خۆمان بهێنینەوە، منیش حەزم کرد بە کارێکی هونەری خزمەتێك بە خەڵکی ئەو شارە بکەم و بەشداری کرنیشم لەو ڕوانگەیەوە بوو، کارێکی جوان بۆ هەڵەبجە کرا. زۆر خۆشحاڵ بووم بە بەشداری کردنی کارەکە، زۆر کاری هونەریم بینیوە بۆ هەڵەبجە کراوە، بەڵام ئەوە تاکە کارێکە کەمن زۆر لێی ڕازی بووم . بۆ ڕۆڵی منیش ئەوە بینەرە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە.

لە فیلمی ئەو ڕۆژەی بابەنوئێل گریا، ڕۆڵی ژنە پێشمەرگەیەك دەبینم کە لەکاتی کارەساتی هەڵەبجەدا لەگەڵ منداڵەکەیدا گیانی لەدەستداوە، بەڵام لەڕێگەی فلاش باگەوە هەمیشە دێمەوە خەیاڵی یادەوەری پێشمەرگەکە کە هاوکات پاڵەوانی فلیمەکەیە و بەهۆی کارەساتەکەوە تووشی نەخۆشی دەروونی هاتووە، ئەمە هێڵی گشتی کارەکە بوو کەلەگەڵ چەند هێڵێکی تردا کاك ڕەحیمی زەبیحی بەشێوازێکی سەرنجڕاکێش بەیەکەوەی گرێدابوو.

سەبارەت بە ئەدای من لەفیلمەکەدا ئەوە دەرهێنەر دەتوانێت حوکمی ئەوە بدات، کە ئایا لەماوەی نواندنمدا توانیومە جێگەی ڕەزامەندی بم یان نا.

لەگەڵ ئەمانەشدا دەمەوێت بڵێم بەئەرکی خۆمم زانی کە لەفیلمێکی وەهادا لەسەر کارەساتی هەڵەبجە ڕۆڵ ببینم، چونکە هەڵەبجە ناسنامەی نەتەوەیەکی زوڵم لێکراوەو منیش ئەندامێکی ئەو نەتەوەیەم.

*** داوات لێنەکراوە بەشداری درامای گەردەلوول بکەیت؟**

-بێگومان چەند جارێکیش داوام لێکراوە، بەڵام بۆم نەرەخساوە بەشداری بکەم تا ئێستا بڕیاری کار کردنم نەداوە لە گەردەلوولدا.

*** کێبڕکێیەك لەنێوان هونەرمەندانمدا هەیە تۆ چۆن ئەو ململانێیە لێك دەدەیتەوە؟**

-ئەگەر ململانێیەکە لەسەر بنەمای خزمەتکردن بەکاری هونەری بێت، ئەوە کارێکی باشە، بەڵام بە پێچەوانەوە پێموایە کارێکی خراپە و دەبێت هەموو هەوڵەکان بۆ خزمەتکردن و بەرەو پێشبردنی هونەر بێت.

پێموایە زۆرمان ماوە بڵێین درامای کوردی گەیشتۆتە ئەو ئاستەی پێویست بە پێشبرکێ نەکات، بەڵام وەکو ئاماژەم بۆ کرد کێبڕکێکە لەسەر بنەمای خزمەتکردنی دنیای هونەری بێت.

*** پڕۆژە و بەرنامەی هونەریتان چییە لە داهاتوودا؟**

- سەرقاڵی گفتوگۆکردنم لەگەڵ دەرهێنەر (ڕەحیمی زەبیحی ) بەنیازی ئەوەی بەشداری بکەم لەدرامایەکدا کە سیناریۆکەی بۆ نووسیوەو کاری دەرهێنانیشی بۆ ئەنجام دەدات.

**هەندێک کەس لەوە نەگەیشتوون کە هونەر پەیامێکی پیرۆزە**